# دوعا له مالی منه......

**سەیران سەلاح**



شەوێك له خەو راچڵەكام .. سام گرتبوومی ... سەیرێكی ئەم لاو ئەولای خۆمم كرد, كەسی لێ نەمابوو . زۆرم بیرکردەوه ..... هەر لەبەر خۆمدا دەمگووت دوعا ... دوعا ... بۆ كوێ ی رۆیشتی...

ئێستاش نەمزانی خەون بوو یا راستی....؟!

بەڵێ له خەوما دوعام بینی.... كراسێكی سپی لەبەر دابوو ..... قژی ئاڵۆزاوی بوو .... كۆشێك بەردی هەڵگرتبوو , به روخسارێكی منالأنەی پر بەرائەتەوه بەرەو روم دەهات ... زۆر ماندو و شەكەت بوو كه لێم نزیك بوەوه به چاوی فرمێسكاوییەوه بزەیەكی هاته سەر لێوانی و پێ ی گوتم .. مەترسه.. من دوعا م ... هاتوومەتەوه و كەم دەمینمەوه ...

هاتووم خواحافیزی بكەم ...!!

گوتم : خوا حافیزی له كێ ؟

ئەو گوتی .. دەجاری ئەم كۆڵه بەردانەم لێ وەربگره زۆر ماندوم .. ئاخر ئەمه چل رۆژ و شەوه نەخەوتوم ..... ئەم بەردانەم هەر به كۆڵەوەیه ... وازم لێ ناهێنن ؟!

گوتم ..... بۆ ئەی تۆ نەرۆیشتبوی ؟ خۆ بەردەكان هەر له گەرەكەكەتان به شەرمەزاریەوه له جیگای خۆیان ماونەتەوه....

گوتی: نا ..... بەردەكانیش وەك من ماندون ... بەدوامدا هاتوون ..... ئاخر ئەوانیش گوناهێان نەبوو ... ئەی نەتبینی ئەوان من و بەردەكانیان به یەكەوه له خاچ دا...!!!!

من و دوعا ساتیك بێ دەنگ ماینەوه ...

دیسان , لێم پرسییەوه : پێت نەگووتم .. خواحافیزی له كێ دەكەی ؟

گوتی: هاتووم بۆ دوایین جار ئاوەرێك له گەرەكەكەمان بدەمەوه و سەرێك به دەرگای ماڵەكەمان بدەم و باوەشێكی گەرمی دایكی میهرەبانم بكەم و تێر تێر بۆنی پر سۆزی بكەم و ماچی خوشكان و براكانم بكەم ... بۆ ساتێكیش له چاوەكانی باوكم رابمێنم و پێ ی بڵێم بۆ هێشتت وام بەسەر بهێنن !!!

پاشان یەكه یەكەی دەسته خوشكانم بەسەر بكەمەوه و بۆ دواین جار رازی دڵی خۆمیانی بۆ باس بكەم ... ئینجا خوا حافیزی له تۆ و هەموو ئەو كەسانەی كه فرمێسك له چاوانیان قەتیس ماوه .... ( خوا حافیزی و ماڵئاوای )... نازانم له كێ ی تر بكەم ؟ ... ئاخر تەنانەت له مەرگیشدا ناتوانم خواحافیزی له كەسێكی تر بكەم با ئەمەیان له بەینی خۆم و دڵمدا بمێنێتەوه...

لەم قسانه دا بووین ... له ناكاو بەردێك بەر پەنجەرەی ژوورەكەم كەوت و ڕاچڵەكام ... زۆر ترسام ... خەرێك بوو دیمەنكەم بێتەوه بەر چاوانم ... له گەڵ دەنگه دەنگی مندالانی گەرەكەكەمان به خەبەر هاتمەوه و سەیرم كرد چ دیمەنێك ... كۆمەڵێك منداڵ به دوای كۆترێكی سپیدا كەوتبون بەرد بارانیان دەكرد ... بەم دیمەنه ترسناكه زۆر دڵته نگ بوم كۆتری بەستەزمان به زامداری له پەنایەكی سەربانەكەمان دا خۆی حەشار دابوو .... ئای لەم زەمەنه بێ رەحمه ئەی ئەم كۆتره گوناحی چی بوو ....

تۆ بڵێ ی ئەویش قەدەر وای بۆ نووسی بێ و بەرد باران بكرێ ؟!

دوای ئەوەی کۆتر ە زامدارەکەم هێنایە ژوورەکەم و بۆ سارێژکردنی زامەکانی دوعا م بیر کەوتەوە ... کە ئاوەرم دایەوە کەسی لێ نەمابوو , دیسان بانگم کرد دوعا ... دوعا هیچ وەلامێك نەیوو .. کە سەیری چاوەکانی کۆترە زامدارەکەم کرد .. زانیم ئەوە روحی دوعا بوو گەرابوەوە ... تا پێم بلێ کۆترەکە رزگار بکەم ...

ئەزیزانم ..... ئێستاش بۆ چەند رۆژێکە کۆترە سپی یە کە بە میوانی لای من ماوەتەوە ناوم ناو ە دوعا......

hotmail.com@syaransalah